# بسم الله الرحمن الرحيم

# كتاب التوحــيد

وقول الله تعالى { **وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ** } الذريات:٥٦ وقوله { **وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ** } النحل: من الآية٣٦ .

وقوله { **وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانا** } الاسراء: من الآية٢٣ .

وقوله { **وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً** } النساء: من الآية٣٦ وقوله { **قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً** } الأنعام: من الآية١٥١ الآيات .

قال ابن مسعود رضي الله عنه " من أراد أن ينظر إلي وصية محمد صلى الله عليه وسلم التي عليها خاتمه فليقرأ قوله تعالى { **قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً** } (الأنعام: من الآية١٥١) إلي قوله { **وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً** } (الأنعام: من الآية١٥٣) الآية .

وعن معاذ بن جبل رضي الله عنه قال " كنت رديف النبي صلى الله عليه وسلم على حمار فقال لي " يا معاذ أتدري ما حق الله على العباد وما حق العباد على الله قلت الله ورسوله أعلم قال " حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئاً وحق العباد على الله أن لا يعذب من لا يشرك به شيئاً " قلت يا رسول الله أفلا أبشر الناس قال " لا تبشرهم فيتكلوا " أخرجاه في الصحيحين

**********

شێخی ئیسلام ( محمد بن عبد الوهاب ) ڕەحمەتی خوای لێبێ كتابەكەی بە [ **بسم الله الرحمن الرحيم** ] دەست پێدەكات هەر وەك خوای بەرز قورئانی پیرۆز بە بسم الله الرحمن الرحيم دەست پێدەكات ، هەروەها پێغەمبەری خواش **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** نامەكانی بە بسم الله الرحمن الرحيم دەست پێدەكرد .

[ كتاب ] بە كۆبونەوەی چەند شتێك دەوترێ لێرە مەبەست كۆكردنەوەی باسی بەیەك كردن ( توحید ) ە [ التوحید ] بەیەك كردن : بەیەك كردنی خوا لەو شتانەی كە تایبەتە بەخوا لە پەروەردگارێتی (ربوبیة ) وە پەرستراوێتی ( الوهیة ) وە ناوو سیفەتەكانی ( الاسماء والصفات ) .

### * جۆرەكانی بە یەك كردن ( توحید )

بە یەك كردن ( توحید ) ئەبێتە سێ بەش : ١ـ بە یەك كردنی پەروەردگارێتی ( توحید الربوبیة ) : بڕوا بونە بەوەی كە تەنها خوا ( الله ) بەدیهێنەرو دروستكەرە وە تەنها

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو خاوەنی هەموو دروستکراوەکانەو تەنها ئەو بەڕێوەبەری هەموو بونەوەرە ، وە ئەو بەشە بە یەک کردنی پەروەردگاریتی کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** بڕوایان پێهەبوو ئەگەر لێت بپرسیبان کێ ئاسمانو زەوی دروست کردوە ئەیانوت ( الله ) وە ئەگەر لێت بپرسیبان کێ رزقیان ئەداو ژیانو مردنی ئەوانی بەدەستەو ئەم بونەوەرە بەڕێوە ئەبات ئەیان وت ( الله ) وەک خوای گەورە ئەفەرموێ : { **ولئن سألتهم من خلق السماوات والأرض ليقولن الله** } **لقمان ٢٥** وە { **قل من يرزقكم من السماء والأرض أمن يملك السمع والأبصار ومن يخرج الحي من الميت ويخرج الميت من الحي ومن يدبر الأمر فسيقولون الله فقل أفلا تتقون** } **يونس ٣١** بەلاّم تەنها بڕوا بونیان بەم بەشە نەیهێنانە ناو ئیسلامەوە و بڕوا بونیان تەنها بەو لایەنە هیچ سودێکی پێنەگەیاندن ، بەلاّم ئەوەی جێی سەرسوڕمانە زۆرێک لەوانەی لە سەر ئیسلام ئەژمێردرێن لەو سەردەمەدا لەم بەشەش لە بەیەک کردنی خوا لە پەروەردگاریتی بڕوایان تەواو نیە و خراپترن لە کافرو هاوبەش دانەرانی سەردەمی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** بڕوایان وایە لەگەلّ خوای بەرز کەسانی تر هەن بونەوەر بەڕێوە دەبەن و یارمەتی خوا ئەدەن و خاوەنی دەسەلاّتن لە گەلّ خوای بەرز بۆیە لێیان ئەپاڕێنەوەو هاواریان لێئەکەن و دەچنە سەر گۆڕەکانیان بە مەبەستی چاکبونەوە لە نەخۆشیو منالّبون وە زۆر شتی تر پەنا بەخوا ، وە با بزانین کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** تەنها لە کاتی ساناییان هاواریان لە بتو پیاو چاکەکانیان ئەکرد لە کاتی تەنگانە تەنها داوایان لە خوای تاکو تەنها ئەکرد وەک خوای بەرز ئەفەرموێ : { **فإذا ركبوا في الفلك دعوا الله مخلصين له الدين فلما نجاهم إلى البر إذا هم يشركون** } **العنكبوت ٦٥** بەلاّم هاوبەس دانەرانی ئەم سەردەمە لە کاتی سانابیان وە لەکاتی تەنگانەش هەر هاوار لە پیاو چاکان ئەکەن!!!

٢_ بەیەک کردنی پەرستن (توحيد الالوهية ) : مانای بونی بڕواو داننانە بەوەی کە تەنها خوای پەروەردگار پەرستراوی ڕاستەقینەیەو تەنها ئەو شایانی پەرستنە واتە هەموو جۆرەکانی پەرستن وەک نوێژو ڕۆژوو داوا کردنو پاڕانەوە وقوربانی کردن وە هەموو جۆرەکانی پەرستنی دلّو زمانو کردەوەی دیارو نادیار تەنها بۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدەی هیچ هاوبەشو هاوەلّی بۆ دانەنێی . وە کافرو بڕوادار بەمە لێک جیا ئەبێتەوە و خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی ڕەوانە کردوە **عليهم الصلاة والسلام** وە کتێبی بۆ دابەزاندون بۆ ئەوەی ئەم جۆرە بەیەک کردنە تەنها پەرستنو تەنها داوا کردن لە خوا بلاّو کەنەوە وەک خوای بەرز ئەفەرموێ : { **وما أرسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي إليه أنه لا إله إلا أنا فاعبدون** } **الانبياء ٢٥** چونکە هەموو کافرەکان بڕوایان هەبوو بە بونی خواو بڕوایان هەبوو بەوەی خوا ئەوانی دروست کردوەو ئەم بونەوەرە بەڕێوە ئەبا بەلاّم تەنها خوایان نەئەپەرست ئەیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وت داوا ئەكەین لەو پیاو چاكانە بۆ ئەوەی لە خوامان نزیك بكەنەوەو تكامان بۆ بكەن لای خوا ! هەر وەك هاوبەش دانەرانی ئەم سەردەمە ئەڵێن ئیمە ئەو پیاو چاكانە ناپەرستین بۆیە داوایان لێئەكەین ئەوان بەڕێزن لای خوا تكامان بۆ ئەكەن با بزانن ئەوە دەقاودەق قسەی هاوبەش دانەرانی سەردەمی پێغەمبەرە **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** وەك خوای بەرز بۆمان باس ئەكا لە قورئان : { **ألا لله الدين الخالص والذين اتخذوا من دونه أولياء ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى** } الزمر ٣ وە : { **ويعبدون من دون الله ما لا يضرهم ولا ينفعهم ويقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله** } يونس ١٨ .

٣_ بەیەك كردنی ناوو سیفەتەكان ( توحيد الاسماء والصفات ) : بڕوابونو دانانە بە هەموو ناوو سیفەتەكانی خوای بەرز كە لە قورئان وە فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** هاتووە بەبێ گۆڕینی ماناو لەفزەكە ( التحريف ) وە بەبێ لێچواندنی ( التشبيه ) بەدروست كراوەكان وە بە بێ دیاری كردنی چۆنیەتی شێوەی سیفەتەكان ( التكيف ) وە بە بێ نواندنو نمونە هێنانەوە بۆ سیفەتەكان ( التمثيل ) خوای بەرز ئەفەرموێ : { **ليس كمثله شيء وهو السميع البصير** } الشورى ١١ [ وقول الله تعالى { وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون } الذاريات ٥٦ ] وە خوای بەرز ئەفەرموێ : من جنو ئینسانم تەنها بۆ ئەوە دروست كردووە من بپەرستن بە تەنها هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەن .

شێخی ئیسلام ( ابن تيمية ) ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەڵێت : پەرستن ( العبادة ) گوێڕایەڵی خوایە بە جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی كە كردویەتی لە سەر زمانی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام . وە ئەڵێت : پەرستن ( العبادة ) ناوێكی كۆكەرەوەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی خوا خۆشی دەوێتو پێی ڕازیە لە قسەو كردەوەی دیارو نادیار . هەروەها ( ابن كثير ) ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەڵێت : پەرستنی خوا ئەوەیە گوێ ڕایەڵی بكەی بە ئەنجامدانی فەرمانەكانی وە واز هێنان لە و شتانەی حەرامی كردوە وە ئەوە هەقیقەتی دینی ئیسلامە چونكە مانای دینی ئیسلام ملكەچ بونە بۆ خوا بە گوێڕایەڵی كردنو جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی . لەو ئایەتە پیرۆزە بۆمان دەردەكەوێ كە مەبەست لە دروست بونی ئینسانو جن تەنها پەرستنی خوایە بە تەنیایی وە هاوبەش دانەنانە بۆی ئەوەش مانای بەیەك كردن ( توحيد ) ە بۆیە شێخی ئیسلام ( محمد بن عبد الوهاب ) ڕەحمەتی خوای لێبێ هێناویەتی لە و باسە . [ وقوله : { ولقد بعثنا في كل امة رسولا ان اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت } النحل ٣٦ ] واتە خوای بەرز ئەفەرموێ : لە ناو هەموو ئوممەتێك پێغەمبەرێكمان ناردوە بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنن خوا بپەرستن وە وازبێنن و دور بكەونەوە لە پەرستنی ( طاغوت ) هەر شتێك بێجگە لەخوا ئەپەرسترێ .

( ابن القيم ) ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەڵێت : ( طاغوت ) هەموو ئەو كەسانەن كە لەسنوری خۆیان دەرئەچن لە پەرستراوو گوێڕایەڵی كراوو شوێنكەوتە . وە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرەكانیان پێنجن ١_ ( ابلیس ) نەفرەتی خوای لێبێ ٢_ ئەو كەسەی بپەرسترێ ڕازیش بێ بەوە ٣_ ئەو كەسەی بانگەشەی ئەوە دەكا كە زانیاری غەیب دەزانێ ٤_ كەسێک خەڵک بانگ بكا بۆ پەرستنی خۆی ٥_ ئەوەی حوكم بە غەیری قورئان بكا .

[ وقوله : { **وقضى ربك ألا تعبدوا إلا إياه وبالوالدين إحسانا إما يبلغن عندك الكبر أحدهما أو كلاهما فلا تقل لهما أف ولا تنهرهما وقل لهما قولا كريما** } الاسراء ٢٣ ] واتە : پەروەردگارت فەرمانی كردوە كەس نەپەرستن تەنها ئەونەبێ هەرخۆی شایانی پەرستنە ، وەفەرمانی كردوە كە چاک بن لە گەڵ دایكو باوكتان ئەگەر یەكێكیان یان هەردوكیان گەیشتنە تەمەنی پیری پێیان مەڵێن ئۆف وە هیچ شتێكی ناشیرین مەكەن بەرامبەریان ، وە قسەی نەرم و شیرینیان لە گەڵ بكەن وە بڵێ پەروەردگارم ڕەحمیان پێبكە هەروەک ئەوان پەروەردەیان كردوم بە منداڵی.

شوێنی شاهێد لەو ئایەتە بۆ ئەم باسە { **الا تعبدوا الا اياه** } كە ئەوە مانای بەیەک كردن (توحید ) و مانای ( لا اله الا الله ) یە ، وە خوای گەورە بۆیە لە گەڵ پەرستنی خۆی باسی مافی دایک و باوكمان بۆ ئەكات تا ئاگادارمان كاتەوە لە سەر گەورەیی مافی دایک و باوک لە سەرمان كە لە پاش مافی خوای بەرزە . [ وقوله : { **واعبدوا الله ولا تشركوا به شيئا** } النساء ٣٦ ] واتە : تەنها خوا بپەرستن وە هیچ هاوبەش و هاوەڵی بۆ دامەنێن . ئەوە فەرمانی خوایەو مانای بەیەک كردن (توحید ) و مانای ( لا اله الا الله ) یە بۆیە شێخی ئیسلام لەم باسەدا هێناویەتی ، ( لا تشركوا ) مانای ( لا اله ) یە وە (واعبدوا الله ) مانای (الا الله ) یە . [ وقوله : { **قل تعالوا أتل ما حرم ربكم عليكم ألا تشركوا به شيئا وبالوالدين إحسانا ولا تقتلوا أولادكم من إملاق نحن نرزقكم وإياهم ولا تقربوا الفواحش ما ظهر منها وما بطن ولا تقتلوا النفس التي حرم الله إلا بالحق ذلكم وصاكم به لعلكم تعقلون . ولا تقربوا مال اليتيم إلا بالتي هي أحسن حتى يبلغ أشده وأوفوا الكيل والميزان بالقسط لا نكلف نفسا إلا وسعها وإذا قلتم فاعدلوا ولو كان ذا قربى وبعهد الله أوفوا ذلكم وصاكم به لعلكم تذكرون . وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله ذلكم وصاكم به لعلكم تتقون** } الانعام ١٥١ - ١٥٣ ] واتە : ئەی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** پێیان بڵێ بەو هاوبەش دانەرو كافرانە وەرن با بۆتان بخوێنمەوە كە پەروەردگارتان چی لەسەر حەرام كردوون بەڕاستی و بە بەڵگە نەک بە ئارەزوو ، هیچ هاوبەشی بۆ دامەنێن و كەس مەكەن بە هاوەڵی خواو بیپەرستن و داوای لێبكەن جا هەرچیبێ ( فریشتە بێ یان پێغەمبەر بێ یان جن یان پیاوی چاک یان ڕۆژو مانگ ) ، وە چاكە بكەن لە گەڵ دایک و باوكتان ، وە منداڵەكانتان مەكوژن لە ترسی فەقیری و برسێتی خوا ڕۆزی ئێوە و ئەوانیش دەدات ، وە نزیک تاوانی ناشیرن و بێزراو مەكەون ئەوەی ئاشكرایەو ئەوەی نهێنیە ، وە هیچ نەفسێک مەكوژن كە خوا حەرامی كردوە تەنها بە هەق نەبێ ، ئەو فەرمانانە وەسیەتی خوایە بۆ ئێوە تاوەكو ژیربن وە پەند وەربگرن و جێبەجێی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکەن ، وە نزیک ماڵی یەتیم مەکەون تەنها بەچاکترین شێوە نەبێ تا ئەگاتە تەمەنی باڵغ بون و ژیربون ، وە دادوەربن و بەوەفا بن لە تەرازوو فێڵ مەکەن ، خوا داوای شتێ لەکەسێ ناکا تەنها ئەوەی لەتوانای ئەو کەسە دایە ، وە دادوەربن لە شاهێدی دانتان و حوکمتان بە سەر خەڵک بە قسەو کردەوە لە سەر نزیکو دور مەیل مەکەن لە هەق لادەن لەبەر خاتری خزمایەتیو نزیکی ، وە وەفاتان هەبێ بۆ پەیمانتان لە گەڵ خوا ئەم فەرمانانەی پشت گوێ مەخەن ، ئەو فەرمانانە فەرمانی خوایە بۆ ئێوە بەڵکو یادی بکەنەوەو لەبیرتان نەچێو سەرپێچی نەکەن ، وە ئەوە ڕێگای ڕاستی خوایە دینی ئیسلام هیچ لاریەکی تێدانیە شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکان مەکەون کە جیا بۆتەوە لەم ڕێگایە ڕاستەو لاتان ئەدەن لە ڕێگای ڕاستی خوا ، ئەم فەرمانانە فەرمانو وەسیەتی خوایە بۆ ئێوە بەڵکو تەقوای خوا بکەن بە جێبەجێکردنی . شوێنی شاهێد لەم ئایەتە بۆ ئەم باسە { **ان لا تشركوا به شيئا** } واتە هیچ شتێک مەکەن بە هاوبەش بۆ خوا لە بەدیهێنراوەکان ، ئەوەش مانای بەیەک کردن (توحید ) ئەگەیەنێ ،

وە ( عبد الله بن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ بۆ مان ئەگێڕێتەوە ئەڵێت : ( **خط رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم خطا بيده ، ثم قال هذا سبيل الله مستقيما ؛ ثم خط خطوطا عن يمين ذلك الخط وعن شماله ثم قال : وهذه سبل ليس منها سبيل الا وعليه شيطان يدعو اليه ، ثم قرأ " وان هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل " الاية )** رواه احمد والنسائي والدارمي وابن ابي حاتم والحاكم وصححه ووافقه الذهبي واتە : پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** خەتێکی کێشا بە دەستی ، ئینجا وتی ئەوە ڕێگای ڕاستی خوایە ؛ پاشان چەند خەتێکی دیکەی کێشا لە لای ڕاستی وەلای چەپی خەتەکە ئینجا وتی : وە ئەمانە ڕێچکەن هیچ ڕێچکەیەک نیە لە وانە ئیللا شەیتانێکی لەسەرە خەڵکی بۆ بانگ ئەکات ، وە پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ( **وان هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل** ) تا کۆتایی ئایەتەکە .

وە (مجاهد ) ڕەحمەتی خوای لێبێ لە تەفسیری { **ولا تتبعوا السبل** } ئەڵێت : ( البدع والشهوات ) واتە شوێنی ڕێچکەی بیدعەو شەهوەتو ئارەزوو مەکەون لاتان ئەدات لە ڕێگای ڕاستی خوا کە تەنها یەک ڕێگایە . خوای گەورە یەک ڕێگای هەیە کە دینی ئیسلامە و ئەو ڕێگایەیە پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** وە هاوەڵە بەڕێزەکان ڕەزای خوایان لێبێ لە سەری بون هەر کەسێک لەم ڕێگایە لا بدا ئەوە چۆتە سەر ڕێگای بیدعە ڕێگای شەیتان ئەگەر هەر ناوێکیش لە خۆی بنێ ! وە (سهل بن عبد الله ) ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەڵێت : دەست بە سوننەت و ئەسەر بگرن من دەترسم زەمانێک بێ ئەگەر یەکێک باسی پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** و شوێنکەوتنی بکا لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەوا خەڵک لۆمەی ئەکەن و قسەی پێئەڵێن و خۆیان لێ بەری ئەکەن و زەلیلی ئەکەن و ئیهانەی ئەکەن !. ڕەحمەتی خوا لە (سهل

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بن عبد الله ) ئەوەی لێی دەترسا هاتە دی ئێستا ئەهلی بیدعە ئەوەندە زۆرن ئەگەر یەکێک لە سەر سوننەت بێ وە بانگەواز بکا بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا **صلی الله علیه وعلی اله وسلم** ئەوا هەموو دژایەتی دەکەن و ناوو ناتۆرەی ناشیرنی بۆ هەڵدەبەستن وە پێی ئەڵێن ئەوە بە شتی لاوەکی خەریکە و ئاگای لە سیاسەت نیەو باسی ڕوخانی زاڵمان ناکا و دوبەرەکی ئەنێتەوە لە ناو موسڵمانان ناوی خۆیان لەو دەنێن !!! [ قال ابن مسعود رضي الله عنه : من أراد أن ينظر إلي وصية محمد صلى الله عليه وسلم التي عليها خاتمه فليقرأ قوله تعالى { **قل تعالوا أتل ماحرم ربكم عليكم الا تشركوا به شيئا** } إلي قوله { **وأن هذا صراطي مستقيما** } الآية ] واتە ( عبد الله ابن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ ئەڵێت : هەرکەسێ دەیەوێ تەماشای وەسیەتی پێغەمبەر **صلی الله علیه وعلی اله وسلم** بکا کە خەتمی ئەوی لە سەرە با فەرمودەی خوای بەرز بخوێنێتەوە { **قل تعالوا اتل ما حرم ربكم عليكم الا تشركوا به شيئا** } تا دەگاتە { **وأن هذا صراطي مستقيما** } تا کۆتایی ئایەتەکە . مەبەستی ( عبد الله ابن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا **صلی الله علیه وعلی اله وسلم** وەسیەتی کردوە بە قورئان وەک ئەفەرموێ : ( **واني تارك فيكم ما ان تمسكتم به لن تضلوا كتاب الله** ) **رواه مسلم** واتە : من بۆ ئێوە شتێکم جێهێشتوە پاش خۆم تا دەستی پێوە بگرن گومرا نابن ئەویش کیتابی خوایە . دیارە ئەم چەند فەرمانانەی لەم ئایەتانە ش هاتون پوختەی فەرمانەکانی قورئانە بۆیە ( عبد الله ابن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ ئەڵێت ئەوە وەسیەتی پێغەمبەرە **صلی الله علیه وعلی اله وسلم** کە لە هەموو فەرمانەکانیش گرنگترو یەکەم فەرمان دورکەوتنەوە لەهاوبەش دانان بۆ خوای بەرزە . [ وعن معاذ بن جبل رضي الله عنه قال " كنت رديف النبي صلى الله عليه وسلم على حمار فقال لي " يا معاذ أتدري ما حق الله على العباد وما حق العباد على الله قلت الله ورسوله أعلم قال " حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئاً وحق العباد على الله أن لا يعذب من لا يشرك به شيئاً " قلت يا رسول الله أفلا أبشر الناس قال " لا تبشرهم فيتكلوا " أخرجاه في الصحيحين ] وە لە ( معاذ بن جبل ) ڕەزای خوای لێبێ ئەڵێت لە دوای پێغەمبەر **صلی الله علیه وعلی اله وسلم** بووم لە سەر گوێ درێژێ پێی وتم : ئەی ( معاذ ) ئایا ئەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چیە وە مافی بەندەکان لە سەر خوا چیە ؟ ئەڵێ وتم : خواو پێغەمبەرەکەی ئەزانن . فەرموی : مافی خوا لەسەر بەندەکان ئەوەیە بیپەرستن وە هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێن، وە مافی بەندەکان لە سەر خوا ئەوەیە کەسێک سزا نەدا کە هیچ هاوبەشی بۆ دانانێ . ئەڵێ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا **صلی الله علیه وعلی اله وسلم** ئایا موژدە نەدەم بە خەڵک ؟ فەرموی : نا چونکە واز لە کردەوە دێنن وە پشت بەو فەرمودە دەبەستن . بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە وە لە ڕیوایەتێکا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاتوه : ( **فاخبر معاذ عند موته تأثما** ) واته ( معاذ ) ڕەزای خوای لێبێ لە سەر مردن ئەم فەرمودەی گێڕاوە لە ترسی تاوانی شاردنەوەی زانستی شەرعی .

[ فيه مسائل: ] ئەو باسە چەند مەسەلەیەکی تێدا و چەند شتێکی لێ فێر ئەبین : [ الأولى: الحكمة في خلق الجن والإنس.] یەکەم : حیکمەت و مەبەست لە دروست کردنی جن و ئینسان ( کە زانیمان تەنها پەرستنی خوایە ) [ الثانية: أن العبادة هي التوحيد؛ لأن الخصومة فيه.] دووەم : مەبەست لە پەرستن ( العبادة ) بەیەک کردن و تەنها پەرستنی خوایە ؛ لە بەر ئەوەی دوژمنایەتی پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** لەسەر ئەمە بوو لە گەڵ قەومەکەی [ الثالثة: أن من لم يأت به لم يعبد الله، ففيه معنى قوله { **ولا أنتم عابدون ما أعبد** }.] سێهەم : هەر کەسێک لە پەرستندا بە یەک کردن ( توحید ) ی نەبێ ئەوا خوای نەپەرستوە وە ئەوە مانای فەرمودەی خوای بەرزە : { **ولا انتم عابدون ما اعبد** } واتە: ئێوە ئەو خودایە ناپەرستن کە من ئەی پەرستم ( ئاشکرایە ئەوان کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** خوایان دەپەرست و نوێژیان دەکردو بە دەوری کەعبە ئەسوڕانەوە بەڵام هاوبەشیان بۆ خوا دائەنا داوایان لە غەیری خواش ئەکرد بۆیە پەرستنەکەیان بۆ خوا هیچ سودی نەبوو ) [ الرابعة: الحكمة في إرسال الرسل.] چوارەم : حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام ( کە بانگکردنی خەڵکە بۆ تەنها پرستنی خواو دور کەوتنەوە لە پەرستنی غەیری خوا ) [ الخامسة: أن الرسالة عمَّت كل أمة.] پێنجەم : پەیام و دینی خوا بۆ هەموو ئوممەتێک هاتوە[ السادسة: أن دين الأنبياء واحد.] شەشەم : دینی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام هەمووی یەکە ( هەمویان خەڵک یان بانگ کردوە بۆ تەنها پەرستنی خوا وە هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێن ) [ السابعة: المسألة الكبيرة أن عبادة الله لا تحصل إلا بالكفر بالطاغوت؛ ففيه معنى قوله:{ **فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله ...** } الآية.] حەوتەم : مەسەلەیەکی گەورە ئەویش پەرستنی خوا نایەتەدی ئیللا بە کوفر کردن بە ( طاغوت ) ؛ ئەوە مانای فەرمودەی خوای بەرزە { **فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله** } تا کۆتایی ئایەتەکە ( کەسێک بڕوای ڕاست نابێ وە نایەتە ناو ئیسلام ئەگەر بڕوای بە پەرستنی غەیری خوا بێ یان لە غەیری دینی ئیسلام دینێکی تریش بە باش بزانێ ) [ الثامنة: أن الطاغوت عام في كل ما عُبِد من دون الله.] هەشتەم : ئەوەیە کە ( طاغوت ) بە هەموو ئەو شتانە ئەوترێ بێجگە لە خوا ئەپەرسترێ [ التاسعة: عظم شأن ثلاث الآيات المحكمات في سورة الأنعام عند السلف. وفيها عشر مسائل، أولها النهي عن الشرك.] نۆیەم : گەورەیی ئەو سێ ئایەتەی کە موحکەمن و نەسخیان تێدا نیە لە سورەتی ( الانعام ) لای سەلەف . وە ئەم ئایەتانە دە مەسەلەی تێدایە ، یەکەمیان نەهی کردنە لە هاوبەشدانان ( شرك ) [ العاشرة: الآيات

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

المحكمات في سورة الإسراء، وفيها ثماني عشرة مسألة، بدأها الله بقوله: { لا تجعل مع الله إلهاً ءاخر فتقعد مذموماً مخذولاً } ؛ وختمها بقولــه: { ولا تجعل مع الله إلهاً آخر فتلقى في جهنم ملوماً مدحوراً } ، ونبهنا الله سبحانه على عظم شأن هذه المسائل بقوله: { ذلك مما أوحى إليك ربك من الحكمة }.] دەیەم : ئایەتە موحکەمەکان لە سورەتی ( اسراء ) کە هەژدە مەسەلەی تێدایە ، خوای گەورە دەست پێئەکا بە فەرمودەی : { لا تجعل مع الله إلهاً ءاخر فتقعد مذموماً مخذولاً } ؛ وە کۆتایی بە مەسەلەکان هێناوە بە فەرمودەی : { ولا تجعل مع الله إلهاً آخر فتلقى في جهنم ملوماً مدحوراً } وە خوای پاک و بەرز ئاگاداری کردوینەتەوە لەسەر گەورەیی ئەو مەسەلانە بە فەرمودەی : { ذلك مما أوحى إليك ربك من الحكمة } ( واتە یەکەم شت وە ئاخیر شت هەر نەهیمان لێکراوە لەوەی هابەش بۆ خوا بڕیار بدەین وە هەموو مەسەلەکان لەم ئایەتانە گرنگن بەلاّم ئەم مەسەلە لە هەمویان گرنگترە ) [ الحادية عشرة: آية سورة النساء التي تسمى آية الحقوق العشرة، بدأها الله تعالى بقوله: { واعبدوا الله ولا تشركوا به شيئاً } .] یانزەهەم : ئایەتی سورەتی ( النساء ) کە ناو نراوە بە ئایەتی دە مافەکە ، خوای بەرز دەستی پێ کردوە بە فەرمودەی : { واعبدوا الله ولا تشركوا به شيئاً } ( یەکەم ماف وە گەورەترین ماف مافی خوایە کە تەنها پەرستنیەتی وە هاوبەش دانەنانە بۆی ) [ الثانية عشرة:التنبيه على وصية رسول الله صلى الله عليه وسلم عند موته.] دوانزەهەم : ئاگادارکردنەوە لە سەر وەسیەتی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** لە کاتی مردنی ( دیارە کە پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** وەسیەتی بۆ ئیمە ئەوە بوە دەست بگرین بە قورئان و سوننەت ، گەورەترین شتیش لە قورئان و سوننەت فەرمانمان پێکراوە تەنها پەرستنی خوایەو هاوبەش دانەنانە بۆی ) [ الثالثة عشرة: معرفة حق الله تعالى علينا.] سیانزەهەم : ناسینی مافی خوا لە سەرمان ( کەتەنها پەرستنی خوایەو هاوبەش دانەنانە بۆی ) [ الرابعة عشرة: معرفة حق العباد عليه إذا أدوا حقه.] چواردەهەم : ناسینی مافی بەندەکان لە سەر خوا ( ئەویش ئەوەیە کە خوا کەسێک سزا نەدا کە هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێ ، بەندەکان هیچ مافێکیان نیە لەسەر خوا بەلاّم خوای بەرز بە چاکەو ڕەحمی خۆی ئەم مافەی لە سەر خۆی داناوە ) [ الخامسة عشرة: أن هذه المسألة لا يعرفها أكثر الصحابة.] پانزەهەم : ئەم مەسەلە ( ناسینی مافی بەندەکان لەسەر خوا ) زۆربەی هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** نەیانئەزانی ( چونکە پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** تەنها بە " معاذ " ی فەرموو ڕەزای خوای لێبێ پێشی ڕاگەیاند بە کەس نەڵێ ) [ السادسة عشرة: جواز كتمان العلم للمصلحة.] شانزەهەم : دروستی شاردنەوەی زانست بۆ مەسلەهەتێکی شەرعی ( ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هەندێک جار هەندێک زانست لە هەندێک کەس بشاردرێتەوە نەوەک بە هەڵە تێی بگا ، دیارە مەبەست لە زانستێکە کە فەرز

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نیه هەموو کەس بیزانێ ) [ السابعة عشرة: استحباب بشارة المسلم بما يسره.] حەفدەهەم : سوننەتە موژدە بدەی بە موسڵمان بەوەی دڵی پێ خۆش ئەبێ [ الثامنة عشرة: الخوف من الاتكال على سعة رحمة الله.] هەژدەهەم : ترسان لە پشت بەستن بە ڕەحمی فراوانی خواو واز هێنان لە کردەوەی چاک [ التاسعة عشرة: قول المسؤول عما لا يعلم: الله ورسوله أعلم.] نۆزدەهەم : کەسێک پرسیاری لێ بکرێ ئەگەر نەیزانێ بڵێ خواو پێغەمبەرەکەی **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** ئەزانن ( ئەگەر پرسیارەکە لە شەرع بێ ، ئگینا لە شتێکی تر بێ ئەبێ تەنها بڵێی خوا ئەزانێ ) [ العشرون: جواز تخصيص بعض الناس بالعلم دون بعض.] بیستەم : دروستی تایبەت کردنی هەندێک کەس بە زانستێک نەوتنی بە هەندێکی تر ( وەک پێشتر وتمان زانستێک کە فەرز نیە هەموو کەس بیزانێ ) [ الحادية والعشرون: تواضعه صلى الله عليه وسلم لركوب الحمار مع الإرداف عليه.] بیستویەکەم : خۆ بەکەم گرتنی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** بەوەی سرکەوتبو لەسەر گوێ درێژو کەسێکیش لە پشتی بوو ( ئەوە ڕەوشتی بەرزە نەک وەک ئەوانەی خۆیان بەگەورە ئەزانن و خەڵک بە هیچ ئەزانن ، با ئەوانە سەری پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** بکەن کە گەورەی هەموو نەوەی ئادەمەو ئاوا خۆی بە بچوک ئەزانی وە فیزی لە سەر کەس لێنەئەدا ) [ الثانية والعشرون: جواز الإرداف على الدابة.] بیستودووەم : دروستی ئەوەی کەسێک لەسەر ئاژەڵ دوای خۆت سەرکەی ( ئەگەر ئەو ئاژەڵە توانای هەبوو ) [ الثالثة والعشرون: فضيلة معاذ بن جبل.] بستوسێهەم : پلەو پایەی بەرزی ( معاذ بن جبل ) ڕەزای خوای لێبێ ( بەوە دەرئەکەوێ پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** لەدوای خۆی سەری خستبوو تایبەتی کرد بە زانستێک ) [ الرابعة والعشرون: عظم شأن هذه المسألة.] بیستوچوارەم : گەورەیی ئەو مەسەلەیە ( کە مافی خوا لە سەر بەندەکانی وە مافی بەندەکان لە سەر خوایە ) .

لەو باسە بۆمان ڕوون بۆوە کە بەیەک کردن و تەنها پەرستنی خوا مافی خوایە و گەورەترین فەرزە لەسەرمان ، وە زانیمان کە خوای گەورە ئیمەی دروست کردوە بۆ ئەوەی بە تەنیا بیپەرستین و هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێین ، وە هەروەها زانیمان کە خوای بەرز پێغەمبەرانی علیهم الصلاة والسلام بۆ ئەوە ڕەوانە کردوە کە بەخەڵک ڕابگەیەنن تەنها خوا بپەرستن و لەغەیری خوا کەس مەپەرستن داوا لە غەیری خوا مەکەن ، کەواتە مەسەلەیەک ئاوا گرنگ بێ لەسەر هەموو موسڵمانێکە فێری ببێ وە لەسەر هەموو ئەو کەسانەیە ئەڵێن شوێنی پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** دەکەوین کە یەکەم شت وەک پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بانگەواز بۆ بەیەک کردن و تەنها پەرستنی خوا بکەن وە نەهی بکەن لە پەرستنی غەیری خوا بە هەموو جۆرەکانی ، نەوەک خەریک بن بە سیاسەت و حیزبایەتی و وە دەست هێنانی دەنگی زۆرو پارەی بۆرو سەیارەی جۆراو جۆر و کورسی ، ئەگەر لەم باسە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێبگەین ئەبینین ئەمڕۆ موسڵمانان چەند دورن لە ڕاستی بانگەوازی ئیسلام و چۆن خەریکی سیاسەت بونەو بەوە خەریک نابن کە خوا دروستی کردون بۆ ئەنجام دانی !.

***

ئەم شەرحە پێشی ٦ سال نوسیومەتەوە دوو لەسەر سێ لەم کتێبە ئەو کات تەواو بوو ئێستاش بە نیازم ان شاء الله بە شەکەی تریشی تەواو بکەم وە لەم سایتە هەر جارەی بابەتێکی بڵاو ئەکەینەوە ان شاء الله

باوکی حارث

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com